# ساڵیادی ڕاپەڕینی قامیشلی و چەند وتەیەك

سەلاحەدین بایەزیدی

### پێناسیێکی کورت:

بەگوێرەی پەیمانێکی مۆرکراو لەنێوان فەرەنسا و تورکیادا، پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و لەبەرواری 20ی 11ی 1921 سنوور کەوتە نێوان سووریای تازە دامەزراو و تورکیای کەمالی. لەئەنجامی ئەم پەیمانەدا فەرەنسا توانی بەشێك لەخاکی کوردان وەك هەرێمی جزیر و کوبانێ و هەندێك شوێنی تر لە باکووری کوردستان دابڕێ و بیخاتە ژێر دەسەڵات و سێبەری سووریاوە. دیارە ئەم ناوچانە پێشتر بەشێك بوون لە هەرێمی ماردین.

بەحوکمی ئەوەی ڕۆژئاوای کوردستان (کوردستانی بن دەستی سوریا) هەم لەبواری زمانەوانی و هەم لەبواری جوگرافییەوە وەك بەشێك بووە لەباکووری کوردستان(ئێستاش لەڕۆژانی جەژندا، سنوری نێوان سوریا وتورکیا جمەی دێ لەو هەزاران خێزانە پەرتەوازە کوردەی تاسەی دیداری یەکتری دەکەن و وەك زیندانییەك تەنیا چەند سەعات دەتوانن یەکتر ببینن و بەردەوام خەون بە یەکگرتنەوەی بنەماڵەکانیانەوە دەبینن)، مێژووە سیاسییەکەشی تا ڕادەیەك لکێنراو بووە بەم پارچەیەوە. زۆر جار یارمەتیدەر و زۆر جاریش پەراوێزێك بووە لەم خەباتە. تەنانەت لە بەرپابوونی زۆر لەشۆڕشەکان و بەردەوامبوونیان دەورێکی سەرەکی بینیوە. هەر لەسەردەمی میرنشینی بەدرخانەکان و یەزدانشێرەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ. لەگەڵ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەشداری خەبات و شۆڕش بووە هەمیشە ڕۆڵی بەرەیەکی پشت شەڕیشی هەبووە، کە لەکاتی تەنگانە یان لاوازبوون دا ئامێزی بۆ کردوونەتەوە.

نەتەنیا لەبواری سیاسیدا بەڵکو لە بواری فەرهەنگیش ماوەیەکی درێژ مەکۆی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کۆچکردوو بوو کە بەتایبەت لە تورکیا ڕایاندەکرد و لەوێ دەگیرسانەوە. لە هەموویان بەرچاوتر بنەماڵەی بەدرخانیەکان بوون کەلەگەڵ خۆیاندا ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری کوردیشیان بۆ ماوەیەکی زۆر گواستەوە بۆ ئەو پارچەیە.

کەواتە ناتوانین باس لەبزاڤی سیاسیی کورد و کێشەکەی بکەین لە ڕۆژئاوای کوردستان دا ئەگەر ئاماژەیەکیشمان بەپارچەکانی تری کوردستان و بەتایبەتی باکوور وباشوور نەکردبێ. چوونکە کوردەکانی ئەم پارچەیە هەتا ئەم ساڵانەی دواییش ڕاستەوخۆ نەبوونەتە ئۆپۆزۆسیۆنی دەوڵەتی سوریا و زیاتر ئۆپۆزوسیۆنی کەمالیزم و بەعسیزم بوون. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڕووداوەکانی ئەم دوو پارچەیەی کوردستان کاریگەر بوون.

### قامیشلی وەك نێوەندێکی سیاسیی کورد

ئەگەرچی قامیشلی لەچاو شارەکانی دەوروبەری خۆی نوێیە، بەڵام لەبواری سیاسییەوە لەپێش هەموویانەوە دێ. گرنگی ژیوپۆلۆتیکی و ژیۆجوگرافی زۆربەی دانیشتوانی لەوێ چڕ کردۆتەوە وئاراستەی سەرنجی دەوڵەتیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوودا چەندین جار بەرەنگاری داگیرکاری فەرەنسییەکان بۆتەوە و هەروەها بەدەیان کەسایەتی گەورەی فەرهەنگی و سیاسی تێدا هەڵکەوتووە کەبە نۆرەی خۆیان ڕۆڵیان هەبووە لەپێشخستنی ئاگایی سیاسی خەڵك لەو شارەدا و پاساوێك بوون بۆ ئەوەی قامیشلی لەم بوارەدا خۆی بەپێشەنگ بزانێ و لەبۆنە و ڕۆژە نەتەوەییەکان دا لەسەر پێ بێت. نزیکترین نموونە کاریگەربوون لە پارچەکانی تر ڕاپەڕینی 12ی ئاداری 2004 بوو کە نێوەڕۆکەکەی پشتگیری بوو لە فیدراڵیزمی باشووری کوردستان و ڕاستەوخۆ وەرگەڕا بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد لەو پارچەیە و لەئاکامدا ڕژێمی سوریا بەزەبر وزەنگ وەڵامی دایەوە ودەستی بەخوێنی گەلی کورد سوور بوو.

ڕاپەڕینی 12ی ئاداری 2004 لەقامیشلی لە زۆر ڕوانگەوە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. دەتوانین بەجۆرێك لە ڕاپەڕینی دەیەی رابردووی باشووری بچوێنین. نیشانی دا سەرکەوتنی کورد لەهەر پارچەیەك ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ لەسەر بەشەکانی تر. لە لایەکی دیکەوە سەرکەوتنەکانی باشوور و شادبوون بەبەشێك لەمافەکان بیانوویەکی باش بوو بۆ خەڵکی راپەڕیو کە لەسەر مافە زەوتکراوەکانیان وەدەنگ بێن و سەرنجی ڕای گشتی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. هەروەك بینراش لەئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ئەو دەنگەی دایەوە کەچاوەڕوان دەکرا و بووە هۆی ناڕەزایی کوردان لە هەموو شوێنێك.

## ئاوردانەوەیەك لەرا پەڕینی قامیشلی

بەشار ئەسەدی سەرۆکی ئێستای سوریا کاتی خۆی لەدیمانەیەکی سی.ئێن.ئێنی تورك دا، بەڕاشکاوی سەرکەوتنەکانی کوردی بەهەڕەشە لەقەڵەمدا. ئەگەرچی ئەو زیاتر ئاماژەی بەمەترسییەکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکرد بەڵام لەڕاستیدا ئەو رژێمە زۆربەی ئەو پێشکەوتنانەی بۆ هەرس ناکرێ کە لەگۆرەپانی کورددا ڕوو دەدەن و بەلێدوانی فەرمی ونافەرمی هەڵوێستی دژایەتی دەربڕیوە. هەر بەوەندەش نەوەستاوە و هەوڵی داوە بەشێوەی جۆراوجۆر کۆسپ وتەگەرە بنێتەوە. هەروەك چۆن لەم دواییانەدا دەرکەوت کە دەستێکی زۆری هەبووە لەکارە تیرۆریستیەکان لەخاکی عێراقدا.
قەتڵ وعامی ئاداری پاریش لەکاتێکدا ڕووی دا کە کوردەکان لەستادیۆمی قامیشلی و لەمیانەی یاری تۆپی پێی نێوان دوو تیمی فتوحی عەرەبی و ئەلجیهادی کوردی خۆشحاڵی خۆیان بۆ گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستان دەربڕی. سووریاش هەلی قۆستەوە و هەڵی کوتایە سەر کوردەکان. وێڕای ئەمەش گەلی وەزاڵەهاتوو شادی وخۆشحاڵی خۆیان بەهەڵپەرکێ دەربڕی و ئەودروشمانەیان گوتەوە کە بەساڵان قەتیس مابوون. هەر وەك گوتمان خۆشحاڵی دەربڕین بۆ گۆڕانکارییەکان و ڕێپێوان دوای یاری تۆپی پێ بیانوویەك بوو، دیارە ئەمە تەنیا ڕوویەکی ئەم راپەڕینە بوو و چەندی هۆکار وفاکتەری تری گرینگ لەپشت ئەم راپەڕینەوە بوون، وەك:
1ـ زەوتکردنی مافەنەتەوەییەکان و بەڕێوەبردنی سیاسەتی تەعریب لەلایەن دەسەڵاتداری سوریاوە.
2ـ نابەرامبەری ئابووری.. بەتایبەت کە بەپێی هەندێك سەرچاوە نزیکەی 60٪ خەڵکی ئەم ناوچانە، وێڕای زۆر بوونی سامانی سروشتی، لەژێر هێڵی هەژاری دان.
3ـ بێبەش بوون لە هەر چەشنە مافێکی سەرەتایی لەوانە نووسین وئاخافتن بەزمانی کوردی و دان نەنان بەهاوڵاتی بوونیان.
4ـ هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە و ئەو گۆڕانکارییانەی کەبەڕێوەن....
پاش ئەم ڕاپەرینە جەماوەرییە کەماوەی هەفتەیەکی خایاند سوریا بەپێچەوانە خولێکی نوێی سیاسەتی گوشار و زەخت وزۆری بۆ سەر کوردەکان دەست پێکردو بەسەدان کوردی خستە زیندانەکانەوە و کوشتن وبڕین ورِاوەدونان بووە بەشێکی کردەوەکانی.

## ئێستای سوریا و ئە نجام

ئابلۆقەی گوشاری نێودەوڵەتی بۆسەر سوریا لەهەمیشە بەرتەسکتر بووە، بەتایبەت لەم مانگانەی دوایی دا کە دژبەرانی سوریا، ئیستیخباراتی ئەو وڵاتە بە بەرپرسیاری پلە یەك لەقەڵەم دەدەن سەبارەت بەکردەوە تیرۆریستییەکانی عێراق و هەروەها تیرۆری کەسایەتییە سیاسییەکانی لوبنان لەچەند ساڵی رابردوودا. پایەتەختی وڵاتە جۆراوجۆرەکان و بەتایبەتی بەیروت وهەندێك شوێنی ئەورووپا لەم رۆژانەی دوایی دا شاهیدی گەورەترین ناڕەزایی خۆپیشاندەران بووە دژ بەسیاسەتەکانی دەوڵەتی سوریا کە لەئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا پەیڕەویان دەکات. لەلایەکی ترەوە ئەگەرچی سوریا پاشەکشەی بەنزیکەی 14هەزار سەربازی خۆی کردووە بۆ

بەشەکانی ڕۆژهەلاتی لوبنان کە لەساڵی 1976ەوە لەو وڵاتەدان، بەڵام ئەم هەنگاوە هێشتا ئەمریکا وهاوپەیمانانی ڕازی نەکردووە و لەنێوخۆش دا دۆسیەی سەدان زیندانی سیاسیی کوردی بەهەڵپەسێراوی هێشتۆتەوە.

لەوەها دۆخێکدا تاکە بژاری دەوڵەتی سوریا ڕەچاوکردنی سیاسەتە نێوخۆییەکانیەتی بەتایبەت سەبارەت بەکێشەی کورد کە تا هەنوکە سەرپۆشی لەسەر داناوە. یەکەم هەنگاویش داوای لێبوردن لەگەلی کورد و قەرەبوودانەوەی زیانەکانی قەتڵ وعامی ڕاپەڕینی قامیشلی و هەروەها ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکانە. شتێکی بەڵگە نەویستە کە بەچارەسەری کێشەی کورد لەباشوور و پارچەکانی تردا ئیدی کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن و لەمەودوا کورد ڕاستەوخۆ دەبێتە ئۆپۆزسیۆنی سوریا.